# بیناکردنی کۆمەڵایەتیانەی خوا

## خوێندنەوەیەک  لە قوڵاییەکانی ئێمیل دۆرکایمدا


**دکتۆر**

**عادل باخەوان**

**دکتۆرا لە سۆسیۆلۆژیادا**

**قوتابخانەی خوێندنی باڵای زانستە کۆمەڵایەتیەکان- پاریس**


تێبینی : ئەم بابەتە بە سێ بەش لە رۆژنامەی هاوڵاتیدا بڵاوکراوەتەوە.


پەیوەندی: adel.bakawan@gmail.com

# ناوەڕۆک

سەرەتا.......................................................................................................3
بەشی یەکەم : ئاین بابەتی زانست .................................................................3
بەشی دووهەم : زیاتر لە ئاین موقەدەس ........................................................4
بەشی سێیەم: خوا یەکسانە بە کۆمەڵگە ........................................................5
بەشی چوارهەم : خواکان و کۆمەڵگەکان چۆن لەدایکدەبن ...................................6
بەشی پێنجەم : موقەدەس گەورەتر لە ئاین ......................................................7
کۆتایی........................................................................................................8

# سەرەتا

کۆمەڵگە لە کوێوە دێت و چۆن دروستدەبێت ؟ چۆن و بەچ شێوەیەک کۆمەڵگە، لەدەرەوەی تاکەکان کە خولقێنەری یەکەمی ئەون، دەبێت بە خاوەنی ژیانی تایبەت بەخۆی و دواتر خۆشی دەسەپێنێت بەسەریاندا ؟ وەک هەر "گیانلەبەرێکی دیکە" کۆمەڵگە خاوەنی ڕوبەرێکە لە ژیان، بەڵام ئایا ئەو ڕوبەرە بەپێی چ یاسایەک دەڕوات بەڕێوە ؟ چۆن هەزاران ملیۆن مرۆڤ دەتوانن وەک یەک بیربکەنەوە و وەک یەک ڕەفتاربکەن بەبێ ئەوەی پێویستیان بە ڕێکەوتنی بەردەوامبێت ؟

بۆڕونکردنەوە و بەدواداچونی کۆی ئەم پرسیارانەیە کە ئێمیل دۆرکایم، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، سۆسیۆلۆژیا وەک زانستێک دادەمەزرێنێت، زانستێک کە دەبێت بەو ئاوێنەیەی دەرەنجامەکانی مۆدێرنیتێ و شۆڕشی دیمۆکراسی کاملنەبوو تیایدا دەردەکەون. لەپێناوی ڕامان لە گرفتەکانی مۆدێرنیتێ و ڕۆچونی مرۆڤ لە "ڕاسیۆنالیتێ"دا سۆسیۆلۆژیا لەدایکبوە. لەهەمانکاتدا و لەنێو هەموو دەرەنجامەکانی ڕوداوی مەزنی مۆدێرنیتێدا، هیچ دەرەنجامێک وەک سڕینەوەی ئاین لە پانتایە گشتیەکاندا سرنجی دۆرکایمی گەورە ڕاناکێشێت.

دۆرکایم سەری سوڕدەمێنێت لەوەی کە مۆدێرنەکان بتوانن قەناعەت بەخۆیان بکەن کە مرۆڤایەتی دەتوانێت بازبدات بەسەر ئایندا و خۆی دابڕنێت لە هەموو پەیوەندیە ئاینیەکان و خودی خۆی "بەسبێت" بۆ خۆی و چیتر پێویستی بە ئاین نەبێت. ئەو، تەواو بەپێچەوانەوە، پێوایە کە مرۆڤایەتی لەنێو ئایندا بەشی هەرەگرنگی شوناسی خۆی دۆزیوەتەوە:

> **"ئەو خوایانەی کە ئێوە بێنرخیاندەکەن و پاشان پەراوێزیاندەخەن، هەمان ئەو خوایانەن کە بەردەوام یارمەتی و دڵدانەوەو پشتیوانیان لە مرۆڤەکان کردوە...تائەوکاتەی مرۆڤ هەبێت و لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەدا پێکەوە بژین، چەندین ئیعتیقادی هاوبەش هەر دەمێنێت"...**

لەهەمانکاتدا دۆرکایم وشیارە بەوەی کە ڕەوتی سێکیولاریزاسیۆن، کە لە ڕێنیسانس بەولاوە هەیمەنەی کردوە بەسەر شارستانیەتدا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاینە مێژوییەکان بەرەو شکستێکی توند و هەستپێکراو ڕادەکێشێت. ئایا، لەڕێگای شکستهێنان بە ئاینیەوە کە لکاوە بە وجودی کۆمەڵگەوە، مۆدێرنیتێ دێت و کۆمەڵگە ناچار بە مردن دەکات ؟ ئایا ئەم پێشنیارە جۆرێک نیە لە بێمانایی لە کاتێکدا کە بوونی خودی مۆدێرنیتێ لکاوە بە بوونی کۆمەڵگەوە ؟ مەگەر فاکتی کۆمەڵایەتی، پاش ڕزگاربوونی لە چنگی تیۆلۆژیا، دڵی زیندوی مۆدێرنیتێ نیە ؟

لەوەڵامدانەوەی ئەم جۆرە لە پرسیار و ڕامانەدا، دۆرکایم گوزارشت لە بۆچونێک دەکات کە بەها و نرخی زانستی تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە و دەکرێت چەندین بینای تیۆری دیکەی لەسەر بکرێت. چەند ئاینە مێژوویەکان، کە لە چوارچێوەی دەزگا گەورەکاندا خۆیان مانیفێستدەکەن، بەرەو ئاوابوون بچن، هێندەش فاکتە ئاینیەکان، تا ئەوکاتەی کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی بمێنێت، لێرە دەمێننەوەو تەمەنیان درێژدەبێتەوە. ئەم فاکتە ئاینیانەش توانای ئەوەیان هەیە کە خۆیان بکەن بە هەموو پانتاییەکدا. لێرەوە دۆرکایم بناغەی زانستێک دادەنێت کە بەهەموو تواناکانیەوە کار لەسەر فاکتی کۆمەڵایەتی دەکات و لەم ڕێگایەشەوە ئاین کە تەواو لکاوە بە فاکتی کۆمەڵایەتیەوە دەبێت بە مەیدانی توێژینەوەی بەردەوام. لە هەلومەرجێکی ئاوادا سۆسیۆلۆژیا لەدایکدەبێت و سۆسیۆلۆژیای ئاینەکانیش دەبێت بە ئیشکالیەتە سەرەکیەکەی.

لای دۆرکایمی گەورە سۆسیۆلۆژیای ئاین ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو مەیدانەوە هەیە کە ناویدەنێت سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، چونکە لەڕێگای ئاینەوە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەیەککاتدا خۆی و جیهان دەناسێت. لەم گۆشەنیگایەوە، "ئاینی" دەبێت بەبابەتی زانست و جیادەبێتەوە لەو مۆدێلە

تایبەتانەی کە ئاینەکان پێشنیاری دەکەن. واتە ئیتر ئەوە پیاوەکانی ئاینەکان نین کە "ئاینی" پێناسەدەکەن، بەڵکو پیاوەکانی زانستن کە پێماندەڵێن، بەشێوەیەکی بابەتیانە، "ئاینی" چیە و چۆن دروستدەبێت و لە کوێدا کاردەکات و چۆن کاردەکات.

دۆرکایم لەسەر ئاینێک بەتایبەتی کارناکات، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی تیۆریزەی فاکتی "ئاینی" دەکات. ئەو باس لە مرۆڤێکی یونیڤێرسال و فاکتێکی ئاینی یونیڤێرسال دەکات و هەوڵدەدات بڕواتە قوڵاییەکانیانەوەو وەک ئەوەی کە هەن تێبینیان بکات.

## بەشی یەکەم : ئاین بابەتی زانست

سۆسیۆلۆگەکان پێویستە ئاین سەرلەنوێ وەک بابەتی سۆسیۆلۆژیا بینابکەنەوە و بۆ تێگەشتن لە سروشت و وەزیفە و شێوازەکانی کارکردنی دەبێت ڕایبکێشنە دەرەوەی هەموو تایبەتمەندیەکان. ئاشکرایە کە فاکتە کۆمەڵایەتیەکان هەمان بوونی دیاردە فیزیکیەکانیان نیە. کۆمەڵگە (فاکتی کۆمەڵایەتی) و شاخ (دیاردەی سروشتی) هەڵگری یەک تیپ لە وجود نین. بەبێ ئامادەبوونی کردەیەکی عەقڵانیانەی تەجرید (Abstraction) و نوێنەرایەتیکردن(Représentation) ، مرۆڤ ناتوانێت وێنای کۆمەڵگە بکات. کۆمەڵگە هێندە لکاوە بە وشیاری مرۆڤەوە، بە ناوەوەی مرۆڤەوە، زۆر ئەستمە بتوانێت لەدەرەوەی خۆی هەست بە واقیعەکەی بکات.

لەم ڕوانینەوە، بۆ تێگەشتن لەکۆمەڵگە مرۆڤ پێویستی بە دروستکردنی مەودایەک لەگەڵ خۆیدا هەیە و ئەم کردەیەش ناچاریدەکات بە جۆرێک لە دورکەوتنەوە لە ئاین کە بە گۆشت و ئێسقانەوە بە سروشتی کۆمەڵگەوە لکاوە. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، دۆرکایم میتۆدێک پێشنیاردەکات کە بریتیە لە کارکردن لە پانتاییە دەرەکیەکاندا لەسەر دیاردە ناوخۆییەکان، کارکردن لە پانتاییە بابەتیەکاندا لەسەر دیاردە زاتیەکان، بەبێ لەدەستانی جەوهەر و تایبەتمەندیەکانیان.

یەکێک لە جیاوازیەکانی ئێمیل دۆرکایم لەگەڵ ماکس ڤێبەردا بریتیە لە پرسیاری پێناسەکردن. لەکاتێکدا دۆرکایم دەیەوێت هەر لەسەرەتاوە پێناسەی ئاین بکات، ماکس ڤێبەر پێیوایە ئەوە کارێکی دروستنیە و سۆسیۆلۆگ دەبێت لەدەرەنجامی توێژینەوەکانیدا، نەک لەسەرەتاوە، پێناسەی ئاین بکات. دۆرکایم بەپێچەوانەوە، دەیەوێت هەر لەسەرەتاوە ئاین جیابکاتەوە لە جەوهەرە خەیاڵکراوەکەی. بەپێچەوانەی ڤێبەرەوە، دۆرکایم پێیوایە فۆرمەکانی ژیانی ئاینی، کە زۆر فراوانترن لە چوارچێوە مێژوی و دەزگاییەکەی، تائێستاش جیهانێکی نەدۆزراوەن و دەکرێت توێژینەوەیان لەسەر بکرێت.

لێرەوە دۆرکایم هەر لەسەرەتاوە دەیەوێت ئاین لە "مانای هاوبەش" دوربخاتەوەو وەک ئەوەی لە واقیعدا هەیە پێناسەی بکات و بەم کردەیەش دەگەڕێتەوە سەر پێناسەکردنی خودی واقیع. گەر بڕیاربێت ئاین بریتیبێت لەو کاتیگۆریەی کە هەموو ئاینە تایبەتەکان (جودایسم، کریستیانیسم، ئیسلام، بودیسم، هتد.) لەخۆ دەگرێت، ئیدی کاری سۆسیۆلۆگ دەبێت بە دۆزینەوەی ئەو ڕەگەزانەی کە هاوبەشن لەنێوان هەموو ئەو ئاینانەدا کە دەرەنجام دیاردەی "ئاین" پێکدەهێنن.

بێگومان لە هاوکێشەیەکی ئاوادا هەموو سیستەمە ئاینیەکان، لە ئالۆزترینیانەوە تا سادەترینیان (لە تەوتەمیسمەوە تا دەگاتە کریستیانیسم)، وەک یەک و لە یەک ئاستدا بەراورد دەکرێن. ئەمە ئەو میتۆدە ئەزمونیەیە کە پراکتیزەدەکرێت بەسەر هەموو دیاردە مرۆییەکانداو ئاین یەکێکە لەو دیاردە مرۆییانەی کە دەکرێت لە چەندین فۆرمدا دەربکەوێت و خۆی نیشانبدات بەبێ ئەوەی لەو چوارچێوە تیۆریە بڕواتە دەرەوە کە دۆرکایم بۆی دەستنیشانکردوە.

لە قوتابخانەی دۆرکایمیدا، ئاین بریتیە لە بیناکردنێکی تیۆری، ئۆپێراسیۆنێکی ڕۆحانی، واقیعێکی بێ ناوەڕۆکی دەرەکی تایبەت. لەڕێگای بیناکردنی سروشتی ئاینەوە، سروشتێکی هاوبەش لەنێوان هەموو ئاینەکاندا، دۆرکایم توانی میتۆدێک و ڕوانینێکی تەواو "بێلایەنانە" لەسەر هەموو

ئاینەکان بەرهەمبهێنێت : نە نەفیکردن، نە سەلماندن، نە ئەگنۆستیک، بەڵکو تێبینیکردنی واقیع وەک ئەوەی کە هەیە. هەر ئەمەشە وایلێدەکات کە بڵێت : **" لە وقیعدا هیچ ئاینێک نیە هەڵەبێت"**

ئەوەی بەلای دۆرکایمەوە گرنگە، سەرەتا دەستنیشانکردنی بابەتی سۆسیۆلۆژیایە، پاشان دەستکردن بە توێژینەوەیە. لەم پرانسیپەوە، دۆرکایم پێیوایە کە ئاین " گشتێکی" پێکهاتوە لە چەند "بەشێک ". لێرەوە قۆناغی یەکەمی کارکردنی دۆرکایم دەبێت بە ڕاڤەکردنی هەموو ئەو "بەشانەی" کە پێکەوە ئەو "گشتەیان" دروستکردوەو لەم ڕێگایەشەوە دەگاتە کارکردن لەسەر کۆی سیستەمەکە.

ئێمە دووتیپی سەرەکی لە دیاردەی ئاینیمان هەیە : ئیعتیقاد، ریت (سروت). بەزمانێکی دیکە تیۆری و پراکتیک، بۆچون و ئەکشن، ئەوەی سیفەتی ئاینی دەبەخشێت بە ئیعتیقاد و ڕیتەکان، بە بۆچون و ئەکشنەکان، بە تیۆری و پراکتیکەکان پەیوەندیانە بەو شتەوە کە ناوینراوە "موقەدەس."

<u>**ئیعتیقادەکان پرۆژەی لێکدانەوە بە سروشت و بەها و حەقیقەت و دەسەلاتی موقەدەس دەبەخشن، ڕیتەکان پرۆژەی چەسپاندنی ئەو بنەمایانەن کە پەیوەندی بە موقەدەسەوە ڕێکدەخەن. لێرەوە موقەدەس دەبێت بەو ماڵەی کە ئاین تیایدا ژیان بەسەر دەبات.**</u>

لە ئەزموونە ئاینیەکاندا، بەپێی دۆرکایم، مرۆڤ دەبێت دوو جیهان لەیەکتری جیابکاتەوە، جیهانی موقەدەس و جیهانی پرۆفان (دنیای) کە بەشێوەیەکی رادیکالانە لە یەکتری جیابونەتەوە. وەک پیشەی هەمیشەیی، دۆرکایم بەدوای ڕەگوڕیشەکاندا دەگەڕێت، لێرەشدا دەپرسێت : ئەو هۆکارانە چین کە وایان لە مرۆڤەکانکرد ئەم دوو جیهانە لە یەکتری جیابکەنەوە، لەکاتێکداو لە واقیعدا هیچ شتێک خۆی لە خۆیدا موقەدەس نیە ؟

کاتێک موقەدەس و پرۆفان (دنیایی) دەبن بە سنوری ناسینەوەی فیکری ئاینی، ئیدی کاری سۆسیۆلۆگ دەبێت بە گەڕانێکی بەردەوام بەدوای ڕەگوڕیشەکانی ئەم جیابوونەوەیە و دەرەنجامەکانیدا. لەڕێگای پشکنینەکانیەوە، دۆرکایم بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسەی ئاین دەکات:

> **"سیستەمێکی پتەو لەو ئیعتیقاد و پراکتیکانەی کە پەیوەندیان بە موقەدەسەوە هەیە، واتە هەموو جیابوونەوەکان، قەدەغەکان، ئیعتیقادەکان،پراکتیکەکان کە لە یەک کۆمینۆتێی ئەخلاقیدا کۆدەبنەوە"...**

## بەشی دووهەم : زیاتر لە ئاین موقەدەس

لە چرکەی دۆرکایمەوە گۆڕانێک بەسەر کارکردن لەسەر ئایندا دێت. بۆ فراوانکردنی ئاسۆکانی توێژینەوە لەسەر ئەم کێڵگەیە، سۆسیۆلۆژیای دۆرکایم دەبێت بە گوزەرێکی گرنگ لە ئاینەوە بۆ موقەدەس، لە ئاینەوە بۆ "شتە" موقەدەسەکان. وشەی "شت لێرەدا زۆر گرنگە، چونکە دۆرکایم کۆی فاکتە کۆمەڵایەتیەکان وەک شت تەماشا دەکات و ئەوەش یەکێکە لە پرانسیپە میتۆدۆلۆژەکانی کارکردنی.

لەم گۆشەنیگا میتۆدۆلۆژیەوە، دۆرکایم پێیوایە ئیعتیقاد و پراکتیکە ئاینیەکان هەڵگری ناوەڕۆکێکی واقیعین، ئەو دەیگووت <u>"**نە خوا، نە خواکان، بەڵکو کاتیگۆریەکی بەرفراوان لە شتە موقەدەسەکان**</u>". دۆرکایم پێیوایە کە موقەدەس، هەرچەند واقیعێکی فیزیکی و بابەتی نیە، بەلام لەهەمانکاتدا نە وەهمە و نە فەنتاسم وەک فرۆید و مارکس دەیانگووت، بەڵکو واقیعێکی کۆمەڵایەتیە. بێگومان لەسەر ئاستی زانست واقیعی فیزیکی و واقیعی کۆمەڵایەتی دوو شتی لەیەک جیان و لە چوارچێوەیەکدا جێگایان نابێتەوە.دۆرکایم دەڵێت:

> **"سیستەمەکان، بۆچونەکانی وەک ئاینەکان کە خاوەنی پێگەیەکی زۆر تایبەتن و چەندین گەل هاتوون و کۆی وزەو تواناکانی خۆیانیان پێبەخشیوە و لەم ڕێگایەشەوە مانایان بە ژیانیان بەخشیوە، چۆن باوەڕبەوە بکرێت کە**

**هەموو ئەمانە هیچنین وەهم نەبێت !... ئەو هێزانەی کە کە ئیماندارەکان سەریان بۆ دادەنەوێنن کۆمەڵە هێزێکی واقیعین"!**

سۆسیۆلۆگێکی کەنەدی بەناوی وایت (White) لە هاوکێشەیەکی دیالیکتیکیدا جیاوازیەکانی نێوان دۆرکایم لەگەڵ فرۆید و مارکسدا بەم شێوەیەی دەخاتە ڕو.

کاتێک کەسێک باوەڕ بە خواوند X دێنێت لە ڕاستیدا ئەوە باوەڕهێنانە بە) Y بە دەسەلآتی خێڵی هەیمەنە دار) وەک فرۆید دەڵێت Y ) بریتیە لە باوک یان بەرزە من) یاخود مارکس Y) بریتیە لە چینی هەیمەنەدار). بەپێچەوانەی فرۆید و مارکسەوە، دۆرکایم کلیکدەکات لەسەر ئەوەی کە ئیماندار پێیوایە X لە a وە سەرچاوە دەگرێت (تەوتەم)، بەلآم لە ڕاستیدا X لە نێو b دا (کۆمەڵگە) دروستدەبێت. دۆرکایم پێیوایە کە) X خوداوەند) وەک) a تەوتەم) و) b کۆمەڵگە) خاوەنی واقیعە و لەنێو واقیعدایە نەک لەدەرەوەی. مەبەست لەو واقیعەیە کە کۆمەلآیەتی دروستی دەکات، نەک واقیعێکی فیزیکی وەک شاخ و دەریا و بەفر.

بەم شێویە موقەدەس لەسەر ئاستی سامبۆلیک دەبێت بە بەشێک لە واقیع، واتە لە ئاستێکی دیکەی واقیعدا کە لەگەڵ ئاستی فیزیکدا یەکناگرێتەوە. باوەڕدار هەمیشە ئیمانەکانی دەخاتە چوارچێوە سامبۆلیکەکانەوە، بەلآم وەک دۆرکایم دەڵێت:

> **"لەژێر سامبۆلەکاندا، پێویستە پەی بەو واقیعە ببرێت کە مەدلولی ڕاستەقینەیان پێدەبەخشێت. ئەو هۆکارانەی کە ئیماندار باسیان دەکات و وەک پاڵنەری ئیعتیقادەکانی دەیانخاتە ڕو دەکرێت زۆر جار هەمان ئەو هۆکارانە نەبن کە لە واقیعدا ئیعتیقادی ئیماندار دروستدەکەن، واتە ئیماندار هەمیشە توانای ئەوەی نیە باس لە هۆکارەکانی ئیمانەکەی بکات، ئەوە ئەرکی زانستە کە پەردە لەسەر هۆکارە ڕاستەقینەکان هەڵماڵێت".**

دۆرکایم داهێنەری ئەو تێزەیە کە پێیوایە "کۆمەڵگە" لە بنەڕەتدا " هۆکاری ڕاستەقینە" و خالقی یەکەمی هەموو "ئیعتیقادەکانە."

> **"کۆمەڵگە هۆکاری بابەتی و یونیڤێرسێل و هەمیشەیی هەموو ئەو (هەستانەیە) کە ئەزمونی ئاینی بەشێکی دانەبڕاوە لێیان"**

لە گەردونی دۆرکایمدا قسەکردن لە بابەتی ئیمانەکان قسەکردنێکی هەمیشەییە لەسەر خودی کۆمەڵگە، تەنها شتێک کە جیایاندەکاتەوە و تایبەتمەندیەتیان پێدەبەخشێت دەرکەوتنیانە لە چوارچێوە ئاینیەکاندا. لێرەوە ئەزمونی ئاینی دەبێت بە ئەزمونی خودی واقیع:

> **" بەبێ ئەوەی ئەم واقیعە کە ئەزمونی ئاینی بینادەکات یەکبگرێتەوە لەگەڵ ئەو بۆچونەی کە باوەڕدارەکان بۆخۆیانی دروستدەکەن"**

بایەخی تێزەکانی دۆرکایم لەسەر ئاین لەوێوە دەستپێدەکات کە، لە یەککاتدا، ڕێزدەگرێت لە کۆی "ئیعتیقادی" ئیمانداران و لە هەمانکاتدا ڕێزدەگرێت لە ڕوانگە زانستیەکانی زانستە کۆمەلآیەتیەکان، واتە دۆرکایم جەنگ لە دژی ئاین و ئیعتیقادەکان ڕاناگەیەنێت، بەپێچەوانەوە، هەوڵدەدات تێبگات لەو گەرم و گوڕی و دینامیسمانەی کە ئیعتیقادەکان بە ئیماندارەکانی دەبەخشن و ڕەفتارەکانی ژیانیان بۆ ڕێکدەخەن. ئیماندار کەسێک نیە کە شارەزاتر بێت لە بێ-ئیمانەکان، کەسێک نیە کە لەوانیدیکە باشتر ببینێت و زانستێکی پێنیە کە ئەوانیدیکە پێیان نەبێت، بەڵکو کەسێکە کە دەتوانێت شتی زیاتر بکات و دۆرکایمیش دەیەوێت لەمە تێبگات.

بەدیوێکی دیکەدا دەتوانین بلێین دۆرکایم ڕێزدەگرێت لە "ترانساندنس" transcendance-ی بابەتی ئیعتیقادە ئاینیەکان، بەلآم لەهەمانکاتدا لێکدانەوەیەکی "ئیمەنەنس"immanence-ی پێدەبخسێت. بەزمانێکی دیکە، ڕێزدەگرێت لە "ئاسمان" وەک سەرچاوەی ئیمانە ئاینیەکان، بەلآم

لێکدانەوەیەکی "زمین"یانەیان پێدەبەخشێت. ڕێز لە ڕووبەرەکانی "دەرەوە"ی ئیعتیقادە ئاینیەکان دەگرێت، بەڵام بۆ لێکدانەوەیان پەنا بۆ "ناوەوە" دەبات.

ڕاستە بەشێکی گەورەی سۆسیۆلۆژیای دۆرکایم بۆ لێکدانەوەی موقەدەس تەرخانکراوە، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە ئەو پێیوایە موقەدەس، خۆی لە خۆیدا، هیچ مانایەکی نیە، ئەوە مرۆڤەکان خۆیانن کە مانا و ناوەڕۆکی پێدەبەخشن.

**"هەموو شتێک دەتونێت وەربگێڕدرێتە سەر موقەدەس، هیچ شتێک خۆی لە خۆیدا موقەدەس نیە، هەموو شتک توانایی ئەوەی تیایە ببێت بە موقەدەس...بازنەی شتە موقەدەسەکان یەکجار و بۆ هەمیشە دانەخراوە، بەڵکو یەکجار و بۆ هەمیشە کراوەتەوە بەسەر گۆڕانکارایەکاندا"...**

ئێمە پەیوەندیەکی جەوهەرگەرامان نیە لەنێوان موقەدەس و ئەو بابەتەی کە لەسەری دادەمەزرێت، ئەم پەیوەندیە لە جوڵانەوەیەکی هەمیشەییدایە و بەپێی گۆڕینی شتەکان دەگۆڕێت. ئەوەی بۆ سۆسیۆلۆگێک گرنگە توێژینەوەو بەدواداچونی ئەو ئەو پرۆسێسەیە کە لەڕێگایەوە مرۆڤەکان دێن و شتەکان (کە خۆیان لە خۆیاندا موقەدەس نین) تەقدیس دەکەن. لەم ڕوانگەیەوە، چەند سنورەکانی "ألوهیة "divinité-یەکجار بۆ هەمیشەیی داخراوان، هێندەش سنورەکانی موقەدەس یەکجار بۆ هەمیشەیی کراوەن.

کەواتە چۆن موقەدەس بدۆزینەوە ؟ موقەدەس بەچیدا دەناسرێتەوە ؟

گومانی تیادا نیە کە "باڵابوون-سوپەریوریتیّ" یاخود "پلەبەندی-هێرارشی" ڕاستەوخۆ نامانبەنەوە سەر موقەدەس و پرۆسێسی تەقدیس. مەرج نیە شتێک باڵابێت لە بەرامبەر شتەکانی دیکەدا، ئیدی ڕاستەوخۆ ببێت بە موقەدەس. موقەدەسەکان ئەو شتانەن کە دەوریان بە قەدەغەکراو گیراوە و دورخراونەتەوە لە شتە "ئاساییەکان". شتە "پرۆفانەکان" هەموو ئەوانەن کە ئەو قەدەغەکراوانەیان بەسەردا دەچەسپێت.

جیابوونەوەی موقەدەس و پرۆفان (دنیایی) لە یەکتری و دەسنیشانکردنی سنورەکانیان مانای ئەوە نیە کە هیچ هێڵێکی پەیوەندی لەنێوانیاندا نیە. بە پێچەوانەوە، گەر هێڵی پەیوەندی لەنێوانیاندا نەبێت، ئیدی جیاکردنەوەیان هیچ مانایەکی نەدەبوو، ئیدی موقەدەس لە مەدلولەکانی خاڵی دەبووەوە. پرفۆفان کاتێک پرۆفانە کە دان بە پرۆفانی خۆی و موقەدەسیەتی شتە تەقدیسکراوەکاندا بنێت و لەم سەرشارەشەوە تۆڕی پەیوەندیان لەگەلدا دابمەزرێنێت. لەهەمانکاتدا دەبێت ئاماژە بەوەبدەین کە موقەدەس خۆی لە خۆیدا دابەش دەبێت بەسەر دوو بەشدا، کە دەکرێت ناوبنرێن : موقەدەسی پاک و موقەدەسی نا-پاک.

⇐ موقەدەسی پاک هەموو ئەو هێزە ئاینیانەن کە ئیجابی و چاکەخواز و پارێزەری ڕێکخستن و سەرچاوەی ژیانن. لە خەیاڵدانی ئیماندارەکاندا ئەو هێزانە وەک کەسایەتی تایبەت وێنادەکرێن و هەموو ئەو کەس و شتانەش کە پەیوەنیان لەگەڵدا دادەمەزرێنن بە پیرۆز تەماشادەکرێن. ئەو هەستانەی کە ئەو هێزانە دەیانوروژێنن پڕن لە خۆشەویستی و ئارامی.

⇐ موقەدەسی ناپاک هەموو ئەو شت و کەسە موقەدەسانەن کە دەبن بە سەرچاوەی تیرۆر و ترس و جەنگ و کوشتن و رق و نائارامی. ئەو هێزانەی کە گوزارشت لەم جۆرە موقەدەسە دەکەن خراپەکار و وێرانکەرن، چونکە پەیامی مەرگ بڵاودەکەنەوە.

ژیانی ئاینی لەبەردەم ئەم دوو موقەدەسەدایە، وەک چۆن دەکرێت ببێت بە دەستەمۆی یەکەمیان، ئاواش دەکرێت ببێت بە مەیدانی کارکردنی دووهەمیان. موقەدەسی پاک چەند موقەدەسە، موقەدەسی ناپاکیش هێندە موقەدەسە و هەردووکیان هەڵگری هەمان سروشتن. هەر یەکێک لەم دوو

جۆره له موقەدەس دەكرێت ستراكتۆری وەزیفی خۆیان بگۆڕن بەپێی گۆڕانی هەلومەرجەكان. واته موقەدەسی پاكی ئەمڕۆ مەرجنیه موقەدەسی پاكی سبەینێبێت، هەروەها موقەدەسی نا-پاكی ئەمڕۆ مەرجنیه موقەدەسی نا-پاكی سبەینێبێت.

كاتێك دۆركایم پرسیار لەخۆی دەكات لەسەر دوالیزمی موقەدەسی پاك و موقەدەسی نا-پاك و بەدوای ڕەگوڕیشەكانیدا دەچێت، دیسانەوه دەگاتەوه گریمانه سەرەتاییەكەی، واته كۆمەڵگه بابەتی ئیمانه ئاینیەكانه. ئەم دوو تیپه له موقەدەس ڕەنگدانەوەی دوو بارودۆخی كۆمەڵایەتین. هێزه خراپكارەكان بەرهەمی ئەو سروته تەكفیریانەن كه كۆمەڵگه له هەولمەرجێكی خەمگیندا بەرهەمیان دەهێنێت. لەهەلومەرجێكی ئاوادا كۆمەڵگه پاڵەپەستۆدەخاته سەر ئەندامەكانی بۆئەوەی گەواهی لەسەر ئازار و خەمەكانیان بدەن و لەم ڕێگایەشەوه باوەشبكەن به چوارچێوه كۆلێكتیڤەكاندا. بەڵام موقەدەسی پاك، بەپێچەوانەوە، نوێنەرایەتی هەموو ئەو هێزه چاكەخوازانه دەكات كه متمانه و ئاشتی بڵاودەكەنەوه. ڕەگوڕیشەی هەریەكێك لەم دوو تیپەی موقەدەس لەنێو ئەو هەلومەرجەدایه كه گروپەكان خۆیانی تیادا دەدۆزنەوه. كاتێك گروپێكی كۆمەڵایەتی "تەحەول" دەكات له بارودۆخێكەوه بۆ بارودۆخێكی دیكه، موقەدەسەكانیشی هاوڕێیەتیدەكەن و "تەحەول" دەكەن.

لەم لێكدانەوه دۆركایمیانەدا ڕوناكی دەخرێته سەر ئامانجی ژیانی ئاینی كه بریتیه له پەروەردەكردنی مرۆڤ و پێشنیاركردنی ژیانێكی باڵا بۆ مرۆڤ كه هەرگیز نەیدەتوانی دەستی لێگیربكات گەر له سنوره "فەردیەكانیدا" بمایەتەوه. كاتێك دۆركایم "ترانساندانس" وەك كۆمەڵگه دەناسێنێت، دروست مەبەستی ئەوەیه كه پێمانبڵێت:

**خوا هیچنیه خودی "كۆمەڵگه" نەبێت. كاتێك مرۆڤ سەر بۆ خوا دادەنەوێنێت، لەڕاستیدا سەر بۆ كۆمەڵگه دادەنەوێنێت، وەك خوا، كۆمەڵگەش لەدەرەوەی تاكەكاندایه، وەك خوا، كۆمەڵگەش لەسەروی تاكەكانەوەیه، وەك خوا كۆمەڵگەش لەو دیو تاكەكانەوەیه، لەدەرەنجامدا پێماندەڵێت كه خودی خواش، ڕاسته له واقیعدا هەیه، بەڵام واقیعێكی كۆمەڵایەتیه و كۆمەڵگه دروستیكردوه.**

لێرەوه كۆمەڵگه دەبێت به چوارچێوەیەك له ترانساندانس، لەسەروی تاكەكانەوه، لەسەروی یاساكانەوه، نادیار، گەوره، فراوان و بەتوانا. بەڵام له هەمانكاتدا كۆمەڵگه ناتوانێت، نه خۆی دروست بكات و نەخۆی سەرلەنوێ دروستبكاتەوه بەبێ دروستكردنی بەردەوامی ئیدیال. هەر ئیدیالێكیش هەڵگری سروشتێكی ئاینیه. مرۆڤەكان ناتوانن پێكەوه كۆببنەوه و پێكەوه بژین و سنورەكانی فەرەدانیەت تێبپەڕێنن بەبێ ئامادەبوونی ئیدیال له ژیانیاندا. مرۆڤی بێ ئیدیال مرۆڤێكه خاڵی له مانای ژیان. لەهەمانكاتدا هەموو ئیدیالەكانیش بەرهەمی سروشتی ژیانه جۆراوجۆره كۆمەڵایەتیەكانن و له دەرەوەی ژیانی كۆمەڵایەتی هیچ ئیدیالێك لەدایك نابێت. ئەمەش بەهیچ شێوەیەك مانای ئەوەنیه كه ئاین ناتوانێت ببێت به خاوەنی كێڵگەیەكی تایبەتی دامەزراو لەسەر پەیوەندی به موقەدەسەوه.

ئیعتیقادەكان (كه پێكەوه "ئیمان" دروستدەكەن)، كه ناوەڕۆكی پتەوی ئاینن، جیاوازن له ئیعتیقادەكانی دیكەی مەیدانه پڕۆفانەكان. لەبەر ڕەهەنده ئاینیەكەیان، ئەوان له ڕاستیدا هەڵگری كاراكتەرێكی "ئیجبارین" و كار لەسەر ڕێگرتن له هەموو گومانەكان دەكەن و بنەمای "ڕێزگرتن" دەسەپێنن بەسەر باوەڕدارەكاندا. ڕێزگرتن له هەموو ئەو "بونەوەره" موقەدەسانەی كه له ڕوبەری ئەفسانه و دۆگمه ئاینیەكان یاخود ئاهەنگه شەعائیریەكاندا بەیەكتری گەشتوون.

پێشئەوەی ئەم بەشه دابخەین و وەك دەرەنجامێكی خێرای ئەوەی تا ئێستا باسكرا، دەكرێت بۆ ناسینەوەی ئاین و له وەڵامدانەوەی پرسیاری ئاین چیەدا، پێنج ڕەگەزی سەرەكی بخەینه ڕوو:

1. **ئیعتیقاده ئیجباریەكان** croyances obligatoires
2. **دۆگم و ئەفسانەكان** dogmes et mythes
3. **شته موقەدەسەكان** choses sacrées

4. پراکتیکە شەعائیریەکانpratiques cultuelles
5. بوونی کۆمینۆتێیەکی ئاینیexistence d'une communauté religieuse

ئاین، لە ئاستە یونیڤێرسالەکەیدا نەک ئاینێکی تاقانە، (ئەو ئاینەی کە لەسەرەتای ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی پێکرا)، پێکهاتەیەکە لەم پێنج ڕەگەزە پێکەوە.

## بەشی سێیەم: خوا یەکسانە بە کۆمەڵگە

بۆ تاقیکردنەوەی گریمانەکانی، دۆرکایمی گەورە، تەوتەمیسم وەک سادەترین ئاین هەڵدەبژێرێت و توێژینەوەی لەسەر دەکات و، لەسەر هەمان میتۆدی ڕۆنێ دیکارت، بۆ تێگەشتن لە "گشت" لە سادەترین ڕەگەزەوە دەستپێدەکات. بەپێچەوانەی جەیمس جۆرج فرازەروە( 1851-1941) کە پێیوایە تەوتەمیسم ئاین نیە چونکە نە خاوەنی بوونەوەری ڕۆحیە و نە کردەی نوێژکردن و تەنها چەند ڕێکخستنێکی سیحریی هەیە، تەوتەمیسم لای ئەمیل دۆرکایم ئاینێکە وەک هەر ئاینێکی دیکە، چونکە پێیوایە **لەو جێگایەی موقەدەس هەبوو ئاینیش هەیە**. ئەو دەڵێت : **" تەوتەمیسم بریتیە لە سیستەمێکی فراوان لە شتە موقەدەسەکان"**

پاش وەسفکرن و ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی سیستەمی سروتە تەوتەمیەکان، دۆرکایم ئامانجێکی دیکە بۆ توێژینەوەکانی دەستنیشاندەکات کە دەکرێت ناویبنێین : دۆزینەوەی هەموو ئەو شتانەی کە یەکگرتوویی پرانسیپی تەوتەمیسم دروستدەکەن، پرانسیپێک کە هەموو دەرکەوتنەکانی ئەو ئاینە ڕێکدەخات. بۆ تێگەشتن لەم پرانسیپە، دۆرکایم هەموو ئەو ڕەگەزانە دەپشکنێت کە سیفەتی موقەدەس و ئاینی دەبەخشن بە شتەکان (هەیکەلەکانی تەوتەم، ئاژەڵەکان، ڕوەکەکان کە زۆرجار ناوەکانیان لەلایەن خێڵەوە بەکاردێت). ڕەهەندی ئاینی لە خودی شتە موقەدەسەکانەوە سەرچاوە ناگرن، چونکە وەک دۆرکایم دەڵێت، تەوتەمیسم:

> **"پەرستن دەبەستێتەوە بە هێزێکی نادیار و نا-کەسیەوە. ئەو هێزە چەند خۆی لەنێو هەر یەکێک لە باوەڕدارەکاندا دەدۆزێتەوە، هێندەش لێیان جیادەبێتەوە و خۆی تێکەڵاویان ناکات. هیچ کەسێک بەتەواوی خاوەنی نیە و هەمووانیش بەشدارن لە دروستکردنیدا"**

ئەم هێزە ناماتریاڵە جۆرێکە لە ترانساندانس، لە ئولوهیەت، لە وزە، لە ماهیەت. دەتوانێت کارایی فیزیکی دابنێت بەسەر باوەڕدارانەوە، دەتوانێت ژیانیان پێببەخشێت یان لێیان بسەنێتەوە. لەیەککاتدا پرانسیپی بزێویی و هێزی ئەخلاقە. بەکورتی جۆرێکە لە "خوا"یەک کە تەوتەمیسم داوا لە باوەڕدارەکانی دەکات تا عیبادەتی بۆ بکەن.

گریمانەی بوونی پرانسیپێکی یەکگرتوو تەنها بیناکردنێکی تێوری نیە، چونکە لە چەندین ترادیسیۆنی تەوتەمیدا بەشێوەیەکی " ضمني "implicite - ئامادەیە. "واکان"ی "سو"ەکان، "ئۆراند"ی "ئیرۆکواس"ەکان، "مانا"ی "مێلانێزی"ەکان پرانسیپی یەکگرتوون. دۆرکایم دەڵێت:

> **"مێلانێزیەکان باوەڕیان بە بوونی هێزێکی جیاواز لە هەموو هێزێکی ماتریاڵ هەیە ، کە بەهەموو ئاڕاستەیەکدا کاردەکات، بە ئاڕاستەی خراپەکاری و بەئاڕاستەی چاکەکاریش...ئەمە هێزێکە کە لەسەر ئاستی ماتریاڵ کارایی دادەنێت. بەمانایەکی تایبەت دەکرێت بڵێین هێزێکە لەسەروی سروشتەوەیە، بەڵام هەمیشە یان لەڕێگای فیزیکەوە پەردە لەسەر خۆی لادەدات یاخود لە ڕێگای هەموو ڕەگەزەکانی دەسەڵات و باڵابوونەوە کە لەبەردەستی مرۆڤدان".**

دۆرکایم پێیوایە لەڕێگای ئەم مادە خاوەوەیە کە ئاینەکان توانیویانە ئەو بوونەوەرانە دروستبکەن و بیانکەن بە خواو دواتر بیانپەرستن. ئەم هێزە کە لە بنڕەتدا مادەیەکی خاوە، بناغەی

هەموو ئیعتیقاد و نوێنەرایەتیکردنە ئاینیەکانە. شاراوەیی و نادیاری ئەم هێزە وزەیەکی وایپێدەبەخشێت کە دەکرێت بەراوردبکرێت لەگەڵ هێزە سروشتیەکاندا.

ئێستا کە کرۆکی تەوتەمیسم دەستنیشانکرا، پرسیاری سەرەکی سۆسیۆلۆگ دەکرێت قوڵتر ببێتەوە : ئەو هۆکارانە چین کە والە مرۆڤەکەن تا بۆچوونێکی لەم شێوەیە دروستبکات و ئەو ڕەگەزانە چین کە ئەم بۆچوونەیان لێدروستدەبێت ؟

دۆرکایم پێیوایە تەوتەم لەیەککاتدا سامبۆلی خواو خێڵیشە، بەڵام ئایا سامبۆلی خێڵ چۆن توانی ببێت بە سامبۆلی ئولوهیەتی تەوتەمی ؟ دۆرکایم وەڵامدەداتەوەو پێماندەڵێت : لەبەر ئەوەی کە هەر لە بنەڕەتەوە ئەو دوو شتە لەیەکجیانین.

> **"خوای خێڵ کە پرانسیپی تەوتەمیسمە، هیچنیە خودی خێڵ خۆی نەبێت کە، بەناوی جۆرەکانی گژوگیا و ئاژەڵەکانەوە کە دەکرێت وەربگێڕدرێنە سەر تەوتەم، بە خەیاڵدانەکان ناسێنراوە".**

ئەم هێزە، لە سۆسیۆلۆژیای دۆرکایمدا، بەگۆشت و ئێسقانەوە کۆمەڵگەیە کە:

> **"هەموو ئەو شتانەی هەیە کە وایلێدەکات بتوانێت، لە ڕێگای کاراییدانان بەسەر ڕۆحەکانەوە، هەستی ئولوهیەتی خۆی لە ڕوبەرەکانیاندا بخرۆشێنێت. کۆمەڵگەیەک بۆ ئەندامەکانی وەک خوایەک وایە بۆ باوەڕدارەکانی".**

لەم بنەما تیۆریەوە، دۆرکایم ئاماژە بەوەدەکات کە تاکەکان لە پەیوەندیەکی دامەزراو لەسەر "تەبەعیەت" بۆ کۆمەڵگە دان، کۆمەڵگەیەک کە خۆی دەسەپەێنێت بەسەریاندا و کاراییدادەنێت تەنانەت بەسەر شوێنە هەرە بچوکەکانی حەرەمی ژیانی تایبەتیشیانەوە.

کە خوا بریتیبێت لە کۆمەڵگە، دۆرکایم ناچارە بەوەی بگەڕێت بەدوای ڕەگوڕیشەی خودی کۆمەڵگەدا و پێمانبڵێت چۆن و لە چی دروستبوە. لەڕێگای توێژینەوە ئیتنۆگرافیەکانیەوە لەسەر ژیانی کۆمەڵگە ئوستورالیەکان، دۆرکایم لە دوالیزمی زەمەنیەدا وەڵامی چۆنیەتی دروستبوونی کۆمەڵگە دەداتەوە. لەو توێژینەوانەدا دۆرکایم باس لە دوو قۆناغ لە ژیانی کۆلێکتیڤ دەکات.

⇐ لە قۆناغی یەکەمدا، کە تەمەنێکی درێژی هەیە، جەماوەر دابەشدەبێت بەسەر چەندین وردە گروپدا.

⇐ قۆناغی دووهەمیش بریتیە لە زەمەنی بەیەکگەشتن و تێکەڵبوونی ئەو گروپانە کە دۆرکایم بە قۆناغی سەرەتاکانی دروستبوونی کۆمەڵگەی ناودەبات.

کۆبوونەوە لە پانتاییەکدا والە تاکەکان دەکات کە لە سنورە فەردیەکانیان بڕۆنە دەرەوە و دەرگا لەسەر گەردونی وزەکانیان بکەنەوە و بوونی کۆمەڵایەتیان بگۆڕن. لە چرکەی کۆمەڵگەدا، تاکەکان جۆرێک لە هەلسوکەوت و ڕەفتار بەرهەمدەهێنن کە تەواو جیاوازە لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ژیانی فەردیان.

گردبونەوەی دیمۆگرافیک هۆکارێکی سەرەکی تەقینەوەیەکە کە والە تاکەکان دەکات هەست بە بەرزبوون لە ئاستی فەردی خۆیان بکەن و ئەم هەستەش وایان لێدەکات کە بە جۆرێکی دیکە بژین و ژیانیان ڕێکبخەن. هەستکردن بە بەرزبونەوە، بەجیابونەوە لە خود، بەسەرەوە، سەرەتای دروستبوونی هەستکردن بە موقەدەسە، موقەدەسێکی جیباوەوە لە دنیایی، لە پرۆفان. لە هەلومەرجێکی ئاوادا، مرۆڤەکان دەگەڕێن بەدوای دۆزینەوەی سەرچاوەیەکی باڵای نا-مرۆیی بۆ ئەم هەستە نائاساییەیان. سەرچاوەیەکی دەرەکی کە دواتر ناویدەنێرت ئاین یاخود موقەدەس، کە لەراستیدا هیچنیە خودی چوارچێوەکانی خێڵ نەبێت. ئەو شتە دەرەکیەی کە خۆی فەرزدەکات بەسەر تاکەکاندا، لە چوارچێوەی ئاین یاخود موقەدەسدا، خودی کۆمەڵگەیە کە خۆی وردەگێڕێتە سەر ئاین و موقەدەس و دەبێت بە ترانساندانس.

له ساتەوەختی توێژینەوە لەسەر تەوتەمدا، دۆرکایم پێماندەڵێت ئەو هێزە سیحراویە نادیار و توندەی کە لە تەوتەمدا خۆی مانیفێستدەکات هەموو ڕەگوڕیشەکانی لەنێو خێڵدایە و هەر لەم سەرچاوەشەوەیە کە ناوەڕۆکی فیکرەی "خوا" دروستدەبێت : دەسەڵاتێکی بەهێزی دەرەکی باڵا کە خۆی فەرزدەکات بەسەر تاکەکاندا. دۆرکایم دەنوسێت:

> **"هۆکاری بابەتیانەی ئەزمونی ئاینی کۆمەڵگە خۆیەتی...بەتەنها کۆمەڵگە دەتوانێت ئەو جۆرە لە هەستکردن بە تەبەعیەت لای تاکەکان دروستبکات و بیانبات بەرەو سەروی خۆیان"...**

ئەو چرکەیەش کە "خوا" دروستکرا، ئیتر مرۆڤەکان، بۆ سەلماندنی گەورەی و پاکی و دەسەڵاتە فراوانەکەی، دەبێت سیستەمێک لە عیبادات دابهێنن و چوارچێوەیەک لە پراکتیکردنی ئاینی دروستبکەن، گەرنا فیکرەی خوا دەبێت بە پارچەیەک لە بۆشایی. گەر، وەک دۆرکایم دەڵێت، ئاین وەهم نەبێت و واقیعبێت و ڕەگوڕیشەکانی ئاین لە نێو کۆمەڵگەدابێت، ئایا دەتوانین کۆمەڵگە وەک ئاستێکی دیکە لە واقیع تەماشابکەین ؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا دۆرکایم ئاماژەبەوەدەکات کە ژیانی ئاینی بریتیە لە : **" دیوێکی تایبەتی ژیانی کۆلێکتیڤ...لەڕاستیدا بیرۆکەی کۆمەڵگە دڵی زیندوی ئاینە."**

بەشێک لەو زانایانەی کە دۆرکایمیان تەفسیرکردوە پێیوایە ئەم بۆچونانەی دۆرکایم ئاین دەکەن بە یەکێک لە وەزیفەکانی کۆمەڵگە، بەڵام بەشێکی دیکە پێیوایە کە ئاین و کۆمەڵگە، لە فیکری دۆرکایمدا، وەک دوانەیەک کاردەکەن و چەند یەکتری دەبڕن ئەوەندەش یەکتری تەواودەکەن و پەیوەندیان لەسەر بنەمای تەبەعیەت دانەمەزراوە، بەڵکو لەسەر بنەمای پێکەوەکارکردن.

## بەشی چوارهەم : خواکان و کۆمەڵگەکان چۆن لەدایکدەبن

لە سۆسیۆلۆژیای دۆرکایمدا خەیاڵدان ڕەهەندێکی سەرەکیە و چێیوایە کە ئێمە بەردەوام لەنێوان خەون و واقیعداین.

> **"ئاین زۆر دورە لەوەی کە کۆمەڵگەی واقیعی پشتگوێبخات و ئەرزش بۆ بوونی دانەنێت، بەپێچەوانەوە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەیە... ڕاستە ئاین، لەڕێگای میتۆلۆژیا و تیۆلۆژیەکەیەوە ڕەنگدانەوەی واقیعە، بەڵام ئەو ڕەنگدانەوەیە پێشکەشکردنی هەمان وێنەی واقیع وەک ئەوەی کە هەیە نیە، نەخێر، ڕەنگدانەوەیەکی گەورەبووە، جیاوازە، ڕەنگدانەوەیەکی ئیدیالیزەکراوە"...**

هەموو گرفتی سۆسیۆلۆژیای ئاینی بریتیە لە هەوڵدان بۆ تێگەشتن لەوەی کە ئەم کردەی **ئیدیالیزاسیۆنە (بەئیدیالکردنە)** چۆن خۆی ئەنجامدەدات. ئەو پرۆسێسەی کە هەلومەرجی لەدایکبوونی نوێنەرایەتیکردن (représentation) ی کۆمەڵگەیەک دەرەخسێنێت، نوێنەرایەتیکردنێکی کۆمەڵگە کە خودی کۆمەڵگە خۆی دروستیدەکات، جیاناکرێتەوە لە دروستکارەکەی. ئەم پرۆسێسە، کە دۆرکایم ناویدەنێت پرۆسێسی بەرهەمهێنانی نوێنەرایەتیکردنە کۆلێکتیڤەکان، بابەتی سەرەکی سۆسیۆلۆژیاکەیەتی. ئەو دەیەوێت تێبگات لەوەی کە چۆن کۆمەڵێک تاکی جیاواز دەتوانن "پێکەوە" کۆببنەوە و "پێکەوە" **نوێنەرایەتیکردنێک** بەرهەمبهێنن کە هەموویان "پێکەوە" لەیەک شوێن و لە یەککاتدا و لە یەک چوارچێوەدا کۆدەکاتەوە. زاراوەی "نوێنەرایەتیکردن" لێرەدا مانایەکی تایبەتی هەیە و دەمانباتەوە سەر، نەک بەتەنها "بۆچونەکان"، بەڵکو واقیعێکی ئەستور و کۆنکریتیش کە هەردوو ڕەهەندی خەیاڵدان و واقیع پێکەوە کۆدەکاتەوە.

هنری دێرۆش (1914 - 1994)، گەورە سۆسیۆلۆگی ئاینەکان، بەشێوەیەکی زۆر قوڵ و بایەخدار تیۆریزەی تێزەکانی دۆرکایمی لەسەر ئاین کردوە. ئەو پێیوایە تێزەکانی دۆرکایم کارکردنێکی بەردەوامە

له پێناوی دروستکردنی "لۆژیکی دروستکردنی بەهاکان"دا که دەیەوێت "**ئابوری**" تاک و کۆلێکتیڤ بخاته نێو چوارچێوەیەکەوە. لەسەرەتاوە دیرۆش دێت و باس له چەمکی "سەر-کۆمەڵگە" دەکات و پێیوایە کۆمەڵگە تەنها ئەو کاتە دەتوانێت خۆی دروستبکات که وەک "سەر-کۆمەڵگە" خۆی دروستبکات. هەروەها لەبری چەمکی "کۆمەڵگەی ئیدیال"، که زیاتر له ئەبستراکت و خەیاڵدانەوە نزیکترە، قسه له چەمکی "نوێنەرایەتیکردنی کۆلێکتیڤ" دەکات، که ڕنگدانەوەی واقیعێکی کۆنکرێتیە. چەمکی "سەر-کۆمەڵگە" لای ئەم سۆسیۆلۆگە گوزارشتە له چرکەی "تەقینەوەی" کۆمەڵگەیەک که لەسەر ئاستی دەروونی توشی دۆخی "چالاکی له ڕادەبەدەر بووە". گوزارشتە لەو دۆخەی که پێشنیاری کۆمەڵگەیەکی دیکه بەسەر کۆمەڵگەی کۆنکرێتیەوە دەکات، وەک ئەوەی لەیەککاتدا دوو کۆمەڵگە پێکەوە بژین، کۆمەڵگەی کۆنکرێتی و کۆمەڵگەی خەیاڵکراوی هەمیشە ئامادە.

پێشتر ئاماژەمان پێکرد که ئەم "تەقینەوەیە" دەرەنجامی کەڵەکەبوونی دیمۆگرافی تاک و گروپەکان و دامەزراندنی تۆڕە نوێیەکانی کردەی به کۆمەڵایەتیبوونیانە. تەقینەوە لەسەرەتاوە وەک مادەیەکی خاو وایە و له کۆتاییشدا دەبێت به "وشیاری پێکەوە بوون". پرۆسێسی مەزنکردنی گروپ لەلایەن تاکەکانەوە حەماسەتێک بەرهەمدەهێنێت که خودی ئەو تاکانە له فەردانیەتیان دادەڕنێت و بەرزیاندەکاتەوە بۆ ئاستێکی دیکەی باڵابوون. دەکرێت لێرەدا نموونە به چرکەی شۆڕش بێنینەوە. کاتێک شۆڕشگێڕان دەڕژێنە نێو شەقەمەکان و پانتاییە گشتیەکان و فەوزا هەموو شوێنێک داگیردەکات، ئەوان پێکەوە جۆرێک له وێناکردنی کۆلێکتیڤانەی خۆیان بەخێرایی بینادەکەن. له فەرەنسای 1789 دا و پاش شۆڕش، فەرەنسیەکان ئەو وێناکردنە کۆلێکتیڤە دروستدەکەن که دواتر ناویدەنرێت "نەتەوە" که دەبێت به سەرچاوەیەکی نوێی شەرعیەتپێبەخشین.

زاراوەی "نوێنەرایەتیکردن- رۆپریزانتاسیۆن " له زمانی فەرەنسیدا، له ڕگوڕیشەدا، بریتیە له "بەئێستاییکردنی" شتێک که له ئێستادا نائامادەیەو دەستیلێگیرناکرێت. بێگومان ئەم زاراوەیە مانای ئەوەدەبەخشێت که "کۆمەڵگە"، دەکرێت بڵێین خوا و نەتەوەش، هەمیشه له ئێستادا شتێکی نائامادەیە بۆیە لەڕێگای نوێنەرایەتیکردنەکانەوە خۆی مانیفێستدەکات. لێرەوە کۆمەڵگە هەمیشه ئەو ڕابردوەیە که له ڕێگای نوێنەرایەتیکردنەوە له ئێستادا ئامادەیە. دێرۆش دەیەوێت پێمانبڵێت تیۆریەکەی دۆرکایم زۆر لەوە ئاڵۆزتر و جەدەلیترە که خەیاڵدانیدەکەین.

بزوتنەوەی نوێنەرایەتیکردن بریتیە لەو بزوتنەوەیەی که لەڕێگایەوە کۆمەڵگە بۆ خۆ سەلماندن خۆی نەفیدەکات، بۆ یەکگرتن خۆی دوو لەتدەکات (له دورەوە ڕادەوەستێت و نوێنەرایەتیکردن دەنێرێت) بۆ گەشتن به زەوی پەنا بۆ ئاسماندەبات. هەموو ئەمانە وامان لێدەکەن که بڵێین واقیع دوو ئاستی هەیە، ئاستێکی سامبۆلیک و ئاستێکی کۆمەڵایەتی و هەردوکیشیان چەند لەیەک جیان ئەوەندەش بەیەکەوە لکاون ولەیەکتری جیانابنەوە. بەڵام وەک تێبینیدەکەین، نوێنەرایەتیکردن پەیوەندی ڕاستەوخۆی به "ئێستا"وە هەیە، لەهەمانکاتدا هیچ شتێک نیه وەک "ئێستا" خێرا بێت و دەستی لێگیرنەکرێت ! لەهەلومەرجێکی ئاوادا که "ئێستا"ی کۆمەڵگەیەک بەخێرایی دێت و تێدەپەڕێت، چۆن ئەو کۆمەڵگەیە دەتوانێت لەبەرامبەر کاتدا بەرەنگاریبکات و خۆی نەدات بەدەستەوە ؟

له وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا دۆرکایم پێماندەڵێت که له هەلومەرجێکی ئاوادایە که کۆمەڵگە و دەزگاکانی دروستدەبن و لەبەرامبەر زەمەندا بەرەنگاری دەکەن. هەروەها له هەلومەرجێکی ئاوادایە که ئاین وەک دۆخێکی بەدەزگاییکراو لەدایکدەبێت. تەنانەت دەتوانین بڵێین، لەهەلومەرجێکی ئاوادا ئاین دەبێت بەیەکەم دەزگای کۆمەڵایەتی و بیناکاری کۆمەڵگەش.

کۆبوونەوەی مرۆڤەکان له چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا، که بەرهەمی ئەم هەلومەرجە تایبەتەیە، بۆئەوەی بتوانێت بەردەوامی به ژیانی کۆلێکتیڤی خۆی بدات، سنورەکانی نێوان دوو نیشتمان لەیەکجیادەکاتەوە، نیشتمانی موقەدەس و نیشتمانی پرۆفان. جیاکردنەوەی سنورەکانی ئەم

دوو نیشتمانە ڕێگادەدات بە مرۆڤەکان کە لەیەککاتدا لەگەڵ شتە کاتیەکانی ئێستادا بژین و خەمگین نەبن بە تێپەڕینی خێرایان و لەهەمانکاتیشدا ببن بە خاوەنی کۆمەڵێک شتی تەقدیسکراو کە لێرە دەمێننەوە و تێپەڕنابن. موقەدەس خاوەنی دوو لۆژیکی پێکەوە جولاوە. لەیەککاتدا دوو سیستەم بەکاردەهێنێت:

⇐ سیستەمێکی نزیککردنەوە کە دەیەوێت دوراییەکان نزیکبکاتەوە. لێرەدا موقەدەس پەیمانی پێشنیارکردنی سەرچاوەکانی تەقینەوەو نەشوەو هەڵچون و جەزبەگرتن بە تاکەکان دەدات.

⇐ سیستەمێکی دورخستنەوە کە دەیەوێت نزیکیەکان دوربخاتەوە. لێرەدا موقەدەس خۆی سنورداردەکات و بازنەیەک لە حەرام بەدەوری خۆیدا دەکێشێت. گەر موقەدەس زۆر نزیکبوایە لە تاکەکان، ئیدی لە ئەفسونەکانی بەتاڵدەبووەوە.

چەند پرۆفان ئیدارەی ژیانی ڕۆتین دەکات، ئەوەندەش موقەدەس ئیدارەی تەقینەوە و هەڵچونەکان دەکات. لێرەوە ئاینی بەدەزگایکراو دەبێت بە ناوەڕۆکی سیستەمی کۆمەڵگە.

## بەشی پێنجەم : موقەدەس گەورەتر لە ئاین

فراوانبوونی کاراکتەری دیاردە ئاینیەکان و فاکتە کۆمەڵایەتیەکان، هەروەها گواستنەوەی ناوەندی ئەزموونی ئاینی لە ئولوهیەتەوە بۆ موقەدەس، والە سۆسیۆلۆژیای ئاینیی دۆرکایم دەکەن کە سنورەکانی تاکە ئاینێک تێبپەڕێنێت.

لەڕاستیدا موقەدەس، کە لە بنەڕەتدا خاڵیە لە جەوهەر، دەتوانێت خۆی بکات بە هەموو مەیدانێکی کۆمەڵگەدا، تەنانەت بەو مەیدانانەشدا کە هیچ پەیوەندیەکیان لەگەڵ ئایندا نیە. ئەم کشان و فراوانبوونە سنورەکانی پێناسە کلاسیکیەکانی ئاین و کاتیگۆریەکانی دەپێچێتەوە. جۆزێ پراد، سۆسیۆلۆگی کەنەدی، بۆ ڕاسیۆنالیزەکردنی فرە جەمسەری چەمکی موقەدەس لای دۆرکایم، پێشنیاری تیپۆلۆژیایەکی بیناکراو لەسەر چوار تیپ دەکات.

⇐ یاسای ئاین، سیستەمێکی دامەزراوە لەسەر کۆمەڵێک ئیعتیقاد و پراکتیکی تایبەت بە چوارچێوەکانی موقەدەسەیێک کە بەشێوەیەکی گشتی لە نێو کولتورێکدا وەک موقەدەسی ئاینی ناسراوە.

⇐ نزیک لە ئاین، لێرەدا موقەدەس، لە کولتورێکی تایبەتدا، وەک موقەدەسی ئاینی پێناسە ناکرێت، بەڵکو وەک نزیک لێیەوە دەخرێتە سەر شانۆ.

⇐ پارا ئاین،(سیحر وەک نموونە) موقەدەس وەک هاوتەریب یان پێچەوانەی تیپی یەکەم (موقەدەسی ئاینی) دەناسێنێت.

⇐ ئاین، لای دۆرکایم ئەو کۆنسێپتەیە کە هەر سێ تیپەکەی پێشوی تیادا کۆدەبێتەوە و جێگای هەموو چوارچێوەکانی موقەدەسی تیادا دەبێتەوە.

کشان و فراوانبوونی چەمکی ئاین، کە زیاتر پەیوەندی بە فۆرمەکانی موقەدەسەوە هەیە تا ناوەڕۆکەکانی، ناوەندی گوفتوگۆی نێوان دوو جۆر، دوو قوتابخانە، دوو گۆشەنیگا، کە ئاین پێناسەدەکەن، پێکدەهێنێت.

⇐ یەکەمیان بریتیە لە دورخستنەوە، کە بەتەنها تیپی یەکەم، کە پێشتر ئاماژەمانپێدا، بە ئاین دەزانن و هەموو تیپەکانی دیکە فڕێدەدەنە دەرەوەی مەیدانی ئاین.

⇐ دووهەمیان بریتیە لە نزیکردنەوە، کە نەک هەر تیپی یەکەم، بەڵکو هەر سێ تیپەکەی دیکە و تەنانەت ئاینە سێکیولێرەکانیش ڕادەکێشنە نێو مەیدانی ئاین.

چەند قوتابخانەی دووهەم هەوڵدەدات بۆ ئاوێتەکردنی سێ تیپەکەی دیکە بە مەیدانی ئاین، ئەوەندەش قوتابخانەی دووهەم هەوڵدەدات تێمانبگەیەنێت کە ئەم جۆرە لە کارکردن هیچنیە بەتاڵکردنەوەی ئاین نەبێت لە ماناکانی. قوتابخانەی یەکەم دەیەوێت پارێزگاری لە چۆنیەتی کارکردنی سیستەمی کۆمەڵایەتیبکات، ئەمەش لەڕێگای کلیکردن لەسەر جیاکردنەوە و بەریککەوتن و ململانێی نێوان

چەمکە ئاینی و نائاینیەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتیەوە. قوتابخانەی دووهەم لەهەموو ئەوانە پێکدێت کە پێیانوایە سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان بریتین لەو واقیعانەی کە لە چەند ئیعتیقاد و بەهایەک پێکدێن. لێرەوە پێیانوایە کۆمۆنیسم یاخود ئایدۆلۆژیە سیاسیەکانیش کە خاوەنی سیستەمێک لە ئیعتیقاد و بەهان دەڕۆنە خانەی ئاینەوە.

ئەم گۆشەنیگایە زیاتر لە وەزیفەگەراییەوە نزیکە تا لە جەوهەرگەرایی، چونکە ئەوەی گرنگە لێرەدا خودی واقیعی دیاردەکان نیە، بەڵکو چۆنیەتی ئیشکردنیانە لە نێو سیستەمێکی کۆمەڵایەتیدا : لەم تێگەشتنەدا کۆمۆنیسم دەتوانێت هەمان ڕۆڵی ئاین لە کۆمەڵگەیەکدا ببینێت. بێگومان دۆرکایم ئەندازیاری قوتابخانەی دووهەمە. لای ئەو ئاین کۆکراوەی هەر چوار تیپەکەیە، ئاین لە هیچ شوێنێک نیە و لەهەموو شوێنێکیشە. ئەو دەنوسێت:

> **"ئاین لە ئیمانەوە دەستپێدەکات، واتە هەموو ئیمانێک کە بە ئارەزومەندی وەرگیرابێت یان بەزۆر سەپێنرابێت. ئیمان بە خوا هیچنیە جۆرێک لە ئیمان نەبێت و ئێمە چەندین جۆر ئیمانمان هەیە. مەگەر بەشێکی زۆر لە ئێمە، بەشێوەیەکی ئەحمەقانە کە زۆر نزیکە لە حەماقەتی ئەوانەی کە ئیمانیان بە خوا هەیە، ئیمانمان بە پێشکەوتن نیە ؟ تائەوکاتەی کە مرۆڤەکان پێکەوە بژین ئیمانی هاوبەشیشیان دەبێت. ئەم ئیمانەش، بۆئەوەی لەسەر ئاستی کۆلێکتیڤ بژی، پێویستی بە کۆبوونەوە و ئاهەنگ و سروستی دەستجەمعی هەیە".**

هەموو گردبوونەوەیەک بینای سیستەمێک لە ئیعتیقاد و مۆدێلەکانی ڕەفتار دەکات. هەر ئەمەشە کە دیاردەکانی تیپی دووهەم (نزیک لە ئاین) ڕادەکێشێتە نێو چوارچێوەی ئەو شتەوە کە دۆرکایم ناویدەنێت ئاین. تەنها شتێک کە جیایاندەکاتەوە ئاوازە هەیمەنەدارەکانی کولتورێکە. لە کولتورێکدا سێکتەکان دەخرێنە ڕیزی ئەو ئاینە مێژووییانەوە کە بەدەزگاییکراون، لە کولتورێکی دیکەدا تەواو لەیەکتری جیادەکرێنەوە و سنورەکانیان دیار و ئاشکران. گەرنا، لە سۆسیۆلۆژیای دۆرکایمدا، هەموویان (سێکتەکان، سیحرەکان، ئایدۆلۆژیا سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان) دەڕۆنە چوارچێوەی ئاینەوە.

## کۆتایی

گرنگی سۆسیۆلۆژیای ئاینی دۆرکایم لە بایەخدانیایەتی بە ڕەگوڕیشە و سەرەتا و بناغەکان. سەروەری ئەم سۆسیۆلۆژیایە لەوەدایە کە توانی، دور لەو ڕەهەندە عاتیفیەی کە لەسەرەتای مۆدێرنیتێوە کاری لەسەر ئاین دەکرد، لەسەر ئاستێکی بەرزی مەعریفی ئاین بکات بە بابەتی توێژینەوە زانستیەکان. دۆرکایم دامەزرێنەری سۆسیۆلۆژیای ئاینە. بەپێچەوانەی ماکس ڤێبەرەوە کە هەموو تواناکانی خۆی خستوەتە کار بۆ تێگەشتن لە دەرەنجامەکانی دیاردە ئاینیەکان، دۆرکایم بەدوای ڕەگوڕیشەکانی خودی ئایندا دەگەڕێت.

ئەو سەرکەوتوانە توانی لەیەککاتدا لەگەڵ ئایندا مامەڵە بکات:

- وەک بابەتێکی ئێپیستیمۆلۆژی قابیل بە تێبینیکردن و ڕاڤەکردن و لێکدانەوە.
- هەروەها وەک هەلومەرجێکی زاتی کەسی باوەڕدار کە تایبەتمەندی دەبەخشێت بە کردەی ئاینی.

میتۆدی دۆرکایم نایەوێت ڕەهەندە ناوەکی و زاتیە تایبەتەکانی هۆشیاری ئەکتەری کۆمەڵایەتی فەرامۆشبکات، بەڵام لەهەمانکاتدا دەیەوێت لە دەرەوە تێبینی و دواتر ڕاڤەی بکات. ئەوەی والە دۆرکایم دەکات کە لەسەر هەردوو ئاستی تابلۆی واقیع ئامادەبێت سەلماندنی چرکەی سامبۆلیکە. سامبۆل خودی واقیع نیە، بەڵام پەیوەندیەکی تایبەتی لەگەڵدا هەیە و بەجۆرێکی دیکە گوزارشتی لێدەکات. واقیعی

جیابووەوە لە واقیعی کۆنکرێتی هەلومەرجێکی سامبۆلیکە، لێرەوە هەموو واقیع تەنها لە ڕێگای سامبۆلەکانەوە دەردەکەون و خۆیانمان نیشاندەدەن.

بەگەردونیبوونی سامبۆلیک  گورزێکە لە تایبەتمەندیەتی ئاین و ڕاکێشانی فاکتە ئاینیەکانە بۆ نێو هەموو مەیدانەکانی بوون. ئاین بریتیە لە پەیوەندیەکی بەردەوام، یاخود گەورەترین پەیوەندی، بە سامبۆلیکەوە. لێرەوە، ناوەڕۆکی ئاین لەنێو دڵی سێکیولاریزاسیۆنیشدا درێژە بە ژیانی خۆی دەدات، چونکە پەیوەندی بە سامبۆلیکەوە لە قۆناغێکی ژیاندا کۆتایی پێنایەت.

سۆسیۆلۆژیای ئاینی دۆرکایم لەچوارچێوەی تێوریە گشتیەکەیدایە کە بە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە ناسراوە. لە ڕێگای ئەم تیۆریەوە دۆرکایم کاردەکات لەسەر ئەو ڕوبەرانەی کە کۆمەڵگەکان بەکاریدەهێنن بۆ ناسینی جیهان و خۆ-ناسینێک ، کە لەنێو "نوێنەرایەتیە کۆلێکتیڤەکاندا" بەرهەمدەهێنرێت. دۆرکایمی گەورە ئەو باوکە دامەزرێنەرەیە کە لەسەر هەموو هەلومەرجەکانی چۆنیەتی پێکەوەبوون و پێکەوە ژیانی مرۆڤەکان کاریکردوەو پرسیاری سەرەکی ئەو بریتیبووە لە چۆنیەتی بەرهەمهێنانی نوێنەرایتیکردنە کۆلێکتیڤەکان.

## BIBLIOGRAPHIE


**Bourdieu** Pierre
« Genèse et structure du champ religieux » *In : Revue française de sociologie, 1971, 12-3. pp. 295-334.*
url :http://www.persee.fr/web/revues/home/prescript/article/rfsoc_0035-2969_1971_num_12_3_1994

**DURKHEIM** Émile
*Les formes élémentaires de la vie religieuse*, 4[e] édition Presses Universitaires de France, 1998.

**GAUCHET** Marcel
*La religion dans la démocratie*, Éditions Gallimard, 1997.
*La démocratie contre elle-même*, Éditions Gallimard, 2002.
*La crise du libéralisme*, Éditions Gallimard, 2007.

**HERVIEU-LÉGER** Danièle
*La religion pour mémoire*, Éditions du Cerf, 1993.
*Le pèlerin et le converti. La religion en mouvement*, Éditions Flammarion, 1999.
*La religion en miettes ou la question des sectes*, Éditions Casterman, 2001.
*Catholicisme, la fin d'un monde*, Éditions, Bayart, 2003.

**MARX** Karl
*Sur la religion*, textes choisis, traduits et annotés par G. Badia, P. Bange et Émile Bottigelli, 1968.
*À propos de la question juive*, édition bilingue, avec une introduction de François Châtelet, traduction de Marianna Simon, Paris, Aubier Montaigne, 1971.

**SIMMEL** Georg**,** *La religion*, traduction de Philippe Ivernel, Paris, édition Circé, 1998.

**TRIGANO** Shmuel
*Qu'est ce que la religion* ?, éditions Flamarion, 2001.
*Le monothéisme est un humanisme,* édition Odile, 2000.

**WEBER** Max
*L'Éthique protestante et l'esprit du capitalisme*, Pocket, 1989.
*Sociologie des religions,* Éditions Gallimard, 1996.